# ئەوەی کەکردم بۆخۆم بەخۆم کرد!

هەڵوەدا

pishdari@hotmail.com

7/7/2006

- دەڵێن پاشایێک کیژێکی دەبێ

گوایە زۆر جوان و لەبەر چاو دەبێ

نموونەی جوانی ئەو سەردەم دەبێ

بۆهەمووکەسێک جێی سەرنج دەبێ

- ڕۆژێک پادشا پرسیارێک دەکا

بۆ ئەومەبەستە کچەکەی بەشوبدا

دەڵێ هەرکەسێک بەجوانی حەلکا

وەردە گرێ باشترین خەڵات لەپادشا

- پادشا وتی: ئاو لەسەرئاگر

کاتێ قوڵپەیدێ دەکا دەردی دڵ،

واتای ئەو قوڵپە کێ هەڵیدێنێ

هەتاکو زووە بابیدرکێنێ

- وڵامی پادشا زۆر زەحمەت دەبێ

هەرکەس لەڕاست خۆی مات و کڕدەبێ

بەڵام کچی پادشا زۆر زیرەکانە

کەعاشق دەبێ لەم نزیکانە

چوو بۆلای باوکی زۆر مەحرەمانە

تاکوپێی بڵێ ئەو ڕازو نیانە

- پادشا دڵی نەشکاند گوتی ڕۆڵەگیان

ئەو ئاوە کوڵاوە دەڵێ بێ ووچان

گەرباران نەبوام لەتاقی ئاسمان

نەهاتبامە خوار بۆ گیاو درختان

ئەو درختانە هیچیان نەدەبوون

منیش نەدەچووم بۆسەر ئاگردان

هەر چیم بەسەر هات گشت خەتای خۆم بوو

بەهیچکەس ناڵێم بۆ واهات واچوو

- ***کچە کەبیستی وڵامی پرسیار***

***بەپەلە دەرچوو ڕۆیشت بۆ لای یار***

***بۆلای ئەوینی شێت و دڵبریندار***

***گوتی زوو بڕۆ وریاو دەست بەکار***

***بدە وڵامی باوکم لەدەربار***

***پێشکەشت دەکا منی وە فادار***

## بابەیەک شادبین، ببین بەختییار

- ***بەیانی کوڕە هەرزوو بۆی دەرچوو***

***وڵامی پاشای دابەبێ سێ و دوو***

***پادشا گوتی پێی دە باشە جوربوو***

***ئەوەی منیش کردم، هەرخەتای خۆم بوو!***

تێبینی:

ناوەرۆکی ئەو کورتە چیرۆکەم لەکاک " فاخر" بالیسانی وەرگرتووەو منیش بەو شێوەیە دەستکاریمکردووە، شایانی باسە کاک " **فاخر**" کەسێکی زۆر قسەخۆش و ماندووە لەژیاندا، بەو هیوایە سەرچاوەی قسەخۆشەکانی قەت وشک نەبێ و نموونەی هەر زیاتربێت.